## هەرێمی كوردستان / عێراق

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی

ژمارە: ١٠٣/س/٢٠١٧

بەروار: ١٦/٥/٢٠١٧

Judicial Council

بڕیارەكە شیاوی تێهەڵچونەوەو وپێداچونەوەیە. داوالەسەركراو سەرەڕای كارەكەی تانەی لەوبڕیارمكەداوە بەتێهەڵچونەوە بەهۆی بریكارەكەیەوە بەپێی تیانوسپچڕاندنی ماوەی ڕەسم لێدراو لە ( ٢٦/ ٣/ ٢٠١٧ ).وە دواتر تێهەڵچوكار تیانوسێكی بەهۆكارەكانی تێهەڵچونەوە پێشكەش كردووە لەبەرواری (٢٩/ ٣/ ٢٠١٧) .

دوای گەیشتنی تیانوسی تێهەڵچونەوە لەگەڵ دۆسیەی داوای بەرایی بۆ ئەم دادگایە تۆماركرا بەژمارە ( ١٠٣/س/ ٢٠١٧) وڕۆژی ( ١٦/ ٥/ ٢٠١٧)دیاریكرا بۆ دادبینی، وە ڕێكارەكانی دادبینی بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوەچوو:-

لە دانیشتنی دادبینی ڕۆژی (١٦ /٥ /٧ ٢٠١) دوای بانگردنی لایەنەكانی داواكە بریكاری تێهەڵچوكارپارێزەر ( ) ئامادەبوون بە پێ ی ئەو وە بریكاری تێهەڵچولەسەركراو پارێزەر ( بریكارنامانەی كە لە دۆسیەكەدا جێگیر كراون ، وە پاش دڵنیا بوون لە بوونی مەرجە شێوەییەكان( الشكلیة) لە تیانوسی تێهەڵچوونەوەدا بڕیار درا بە وەرگرتنی لە ڕووی شێوەوە وە لەسەر داوا دەستكرا بە دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا.

بریكاری تێهەڵچوكارسەرڕای كارەكەی تیانوسی تێهەڵچونەوەی دووبارە كردەوەو داوای كرد بڕیار بدرێت بە پێ ی داواكاری ئاماژە بۆ كراو لە ناوەڕۆكەكەیدا.

بریكاری تێهەڵچولەسەركراو لە وەڵامی تیانوسی تێهەڵچونەوەدا نكولی لە ناوەڕۆك و هۆكارەكانی كرد وە تەواوی ووتەو داواكاریەكانی قۆناغی بەرایی دووبارە كردەوەو داوای پشتگیری بڕیاری بەرایی تانەلێدراوو ڕەد كردنەوەی تیانوسی تێهەڵچونەوەی كرد لە گەڵ خستنە ئەستۆی تێهەڵچوكار ڕەسم و تێچوونی تێهەڵچوونەوە.

دواتر هەردولا وتە وداواكاریەكانیان دووبارە كردەوە ولەبەرئەوەی كە هیچ نەما بوترێت دادگا بڕیاری كۆتایی دادبینی ڕاگەیاند وبڕیاری خۆی بە ئاشكرا خوێندەوە لە ڕۆژی ( ١٦/ ٥/ ٢٠١٧).

دادوەر /

هەرێمی کوردستان / عێراق

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی

ژمارە: ١٠٣/س/٢٠١٧
بەروار: ١٦/٥/٢٠١٧

Judicial Council

دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی بنەرەتی پێکهات لە ڕۆژی١٦/٥/٢٠١٧ بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆك دادوەر بەڕێز و ئەندامیەتی دادوەران بەڕێزان
کە ڕێگەپێدراون بە دادوەریکردن بەناوی گەلەوە، وە ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:-

تێهەڵچوکار/ داوالەسەرکراو/

تێهەڵچولەسەرکراو/ داواکار/

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی/٤ لەداوای بەرایی ژمارە ( ٢١٥٦/ب/ ٢٠١٥ ) بانگەشەی ئەوەی کردوە کە پێشتر فەرمانگەی داوالەسەرکراو بڕی (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملێون دیناری لە بریگرتەکەی وەرگرتووە بە بیانوی ئەوەی دەستکاری ژمێر(عداد)ی وێستگەی سوتەمەنی چوارتای کردووە بۆئەو مەبەستە سکاڵیەکی سزایی بە ژمارە (٧٦/ ت/ ٢٠١٣) لەسەر بریگرتەکەی تۆمارکردووە وە فەرمانگەی داوالەسەرکراو چاوەڕیی یەکلایکردنەوەی ئەو سکاڵایەی نەکردووە بڕە پارەی ناماژەبۆکراوی لە بریگرتەکەی وەرگرتووە وە ئەنجامی ئەو سکاڵایە لەدۆسییەی ژمارە (٦٢/ س/ ٢٠١٣) دادگای کەتنی بەرائەتی سەلماندووە، بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالەسەرکراوسەرەڕای کارەکەی بکرێت بۆ دادبینی وبڕیاربدرێت بە پابەندکردنی بە گێڕانەوی بڕە پارەی ناماژەبۆکراوی سەرەوە لەبەر ڕۆشنایی مادەکانی (٢٣٣)ی یاسای مەدەنی و (١٠٦ و ١٠٧)ی یاسای سەلماندن لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە وماندوبوونی پارێزەرایەتی.

لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی وئاشکرا دادگای ناوبراو بڕیاری دەرکردوە بە ژمارە ( ٢١٥٦/ب/ ٢٠١٥) لە ( ١٩/٣ / ٢٠١٧) بە پابەندکردنی داووالەسەرکراوسەرەڕای کاەکەی بە گەڕاندنەوە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملێون دینار بۆ داوواکار کە بەناڕەوا لێ ی وەرگرتووە وخستنە ئەستۆی ڕەسم وخەرجی داواکە لەگەڵ ماندوبوونی پارێزەرایەتی بریکاری داواکارپارێزەر بەبڕی (٧٥٠,٠٠٠) حەوت سەد وپەنجا هەزار دینار،

سەرۆك
دادوەر /

## هەرێمی كوردستان / عێراق

ئەنجومەنی دادوەری

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی

Judicial Council

ژمارە: ١٠٣/س/٢٠١٧

بەروار: ١٦/٥/٢٠١٧

---

### بــڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەركەوت كە بڕیاری دادگای بەرایی سلێمانی/٤ بە ژمارە ( ٢١٥٦/ب/٢٠١٥) دەرچوو لە ( ٣/١٩ / ٢٠١٧ ) بڕیارێكی ڕاستە وپابەندی یاسایە، لەبەر ئەو هۆكارانەی كە بەدرێژی تیایدا ئاماژەیان پێكراوە، چونكە ئەو بڕە پارەیەی كە داواكراوە لە داوا بەرایەكەدا وە فەرمانگەی تێهەڵچووكار وەک غەرامەی سەرپێچی لە تێهەڵچوولەسەركراوی وەرگرتوە بنەمای یاسایی نامێنێت دوای ئەوەی دەركەوتووە كە تێهەڵچوولەسەركراو ئەو سەرپێچیەی ( دەستكاری كردنی عەداد) ئەنجام نەداوە كە بۆتە هۆی غەرامە كردنی، بەمەش تانەی تێهەڵچونەوە هیچ بنەمایەكی یاسایی نیە وە شیاوی ڕەد كردنەوەیە ولەسەرداوا بڕیاردرابە پشتگیریكردنی بڕیاری بەرایی ئاماژەپێكراو لەسەرەوە وڕەدكردنەوەی تیانوسی تێهەڵچونەوە وە خستنە ئەستۆی تێهەڵچووكار ڕەسمی تێهەڵچوونەوە وە دانانی كرێ ی پارێزەری بڕیار لەسەر دراو لە بڕیارە بەراییەكەدا بۆ بریكاری تێهەڵچوولەسەركراو بۆ هەردوو قۆناغی بەرایی و تێهەڵچوونەوە، بڕیارێكی ئامادەییە وشیاوی پێداچونەوەیە وبەكۆی دەنگ دەرچوو وڕاگەیەنرا بە ئاشكرا لە (١٦ / ٥/ ٢٠١٧).

سەرۆك

دادوەر /